# سه رۆکی کوردستان کارێکی پیرۆزی تری کرد

وه زیری پێشمه رگه له سه رکار لاده بات

هێمن ره ؤوف

ده ستخۆش جه نابی سه رۆک بۆ ئه م دلسۆزییه ت،که له پێناوی مافی ئافره تان ئه م بڕیاره مێژوویی یه ده ده یت وه ک بیستومه به بۆنه ی هێنانی ژنی پێنجه مه وه یه ،،،

مه خابن ،،،،ئه م سه رۆکه دلسۆزه چه ند فه قیره !!!! تا ئێستا نه یزانیوه کاک حه میده فه نی چوار ژنی هه بووه ،نازانێ چه ندان ژنی تر له به ندیخانه ی پیاوه ده سه لاتداره کانی بۆ هه تاهه تایی به ندن.

ئاخرچۆن نازانێ ؟

جارجار توشی دلّه ڕراوکێ ده بمو وه ک خۆم بخه لّه تێنم ده لّێم ژیربه کوره لاو ،چۆن سه رۆک ئاگای له کارێکی وا گه وره نیه له سته مێک که مافی تاکه کان زه وت ده کات،، ( ئه ی بۆ ئه و به رێزه پارته که ی ناوی دیموکراتی پێوه یه ، ئاشتی ئازادی دیموکراتی ئامانجیانه ؟ کاک نێچیر مافی ئافره تانی زۆر لا گرنگه ، چۆن ده بێ یه ک له وه زیره کانی ئاگری له ناو ده رونی چوار ئافره تدا گڕدابێ ؟ به تامای سوتاندنی خه رمانی کچه شۆخێکی ناسکو نازداری تر بێت)

ئه ی بۆچی بێده نگبوون ؟ خۆ ده یانتوانی له ژنی دووه مه وه رێیانبگرتایه له و کاره پێشێلکارییه !

ئه م پرسیارانه زۆر که سی تریش له خۆیی ده کات،به لاّم نا ،،مه پرسن ، ئه وه کاری ئه وان نیه ، له به رژه وه ندییان که م ناکاته وه ئه گه رپیاوه کانیان چه ندین که نیزه کیان هه بێت له پالٌ ژنه کانیاندا ره وایه بۆیان ،به لاّم سه روه ری ده سه لاّته کانیان بپارێزن، بێده نگ بن له که لّه که کردنی پاره کانیان،که به رهه می سه روه تو سامانی کوردستانه.

خه لّکی ڕازیکه ن که ده خه بتن له پێناوی مافه کانیان،به رگری له پله وپایه یان بکه ن،که واته هۆیه کی تر له پشت ئه م داوایه وه هه یه باگراوه ندێکی تره و خه لّکی پێ له خشته ده به ن .

من وایبۆده چم ئه مجاره له به رخاتری براده رانی خواره وه بێت ، به پێی ئاینی ئیسلام بڕیاره که ی دابێت ،چونکه له ئیسلامدا تا چوارژن دروسته و مۆلّه تی هه یه ،جه نابی سه رۆکیش خۆی رازییه له سه رئه وه ی شه ریعه ت سه رچاوه ی سه ره کی بڕیاردانه وه بانگمان ده کات به ده ستورێک ده نگ بده ین که رێگانادات حه میده فه نی ژنی دووه م و سێهه م وچواره می لێزه وت بکرێت، بیسه لمێنێت که گوێڕایه لّی فه رمانی میرییه،یان جه نابی وه زیر تاقه تی کاری نه ماوه و ،پێیوتوه ( سه رۆک گیان بۆچی ئه م مه سه له یه ناقۆزیته وه و له کاره که م لام نابه یت،منیش پیر بووم و تێربووم با موسولّمانێکی تر سود له شوێنه که م وه رگرێت،،خۆت ئه زانی پێنج ژن به ده م ئاسانه ڕایی کردنیان)

له به خته که ی ئه مانیشدا خاتو مهابادی نێو گۆره پانی به رگری له مافی ژنان ، ئه م هه والّه گرنگه ده کات به سیمبۆلی سیمینارێکی له شاری ڕانییه ی ده روازه ی ڕاپه ڕین و(500)هاولاّتی ئه وشاره خۆڕاگره شادمان ده کات.

به هه رحالّ من یه ک په یامی بچوکم هه یه بۆ هێژا سه رۆکی کوردستان،،

( گرنگتر له و کاره پیرۆزه ،، دادگایی کردنی ئه وانه ی له پشت تاوانه کانی شێخ زانا وه بوون، گوێگرتن له و ڕاپۆرتو بابه تانه ی که له دوای پێشاندانی تاوانه کان نوسراون، له سه رکار لابردنی وه زیری ناوخۆو ئه وانه ی وه ک ئه و ناتوانن پله وپایه یان له خزمه تی کۆمه لاّنی خه لّکدا به کار بهێنن،،،،)حه میده فه نی بۆخۆی ئۆغرده کات،

hemnrauf@hotmail.com.......................swisra